## PKK و ETA ... کاوە ئەمین

لەم ڕۆژانەی پێشوودا، ڕێکخراوی ئازادایخوازیی باسک ناسراو بە (ETA) ، پاش هەوڵدانێکی دوورودرێژ و بە ناوبوژێکردنی ولاتی نەرویج، بڕیاری مالئاوایی یەکجارەکییان لە چەک دا. ڕێکخراوی (ETA) کە لە ساڵی ١٩٥٩ لە سەردەمی دیکتاتۆری فارنکۆ لە ئیسپانیا، دامەزرا، ئامانجییان سەربەخۆیی گەل و ولاتی باسک بوو کە لە زۆر ڕووەوە لە کوردستان دەچێت، ولاتی باسک لە نێوان فەرەنسا و ئیسپانیادا دابەشکراوە. بەلام، گەل و ولاتی باسک لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتێکی تەواو سەربەخۆیان نییە، هەمانکات خاوەنی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی و باج و پۆلیس هەموو داودەزگاکانیان لەژێر ڕکێفی خۆیاندایە. ڕیکخراوی (ETA) ، ڕێکخستنێکی چەکدارە و لە دوای دروستبوونییەوە بەدژی دەولەتی ئیسپانیا گەلێک چالاکی سەربازییان ئەنجام داوە و نزیکەی هەشت سەت کەس بە هۆی کارە سەربازییەکانی (ETA) وە گیانیان لە دەست داوە. هەمانکات شانبەشانی خەباتی چەکداری، باڵی سیاسی ئەو ڕێکخراوەیە (BATASUNA) کە بە شێوەیەکی فەرمی کار دەکەن، لە هەڵبژاردنەکانی ولاتی باسکدا بەشدارییان کردووە، بەلام وەنەبێ لە لایەن ولاتانی فەرەنسا و ئیسپانیا و پاشانیش یەکیەتی ئەوروپاوە ئاستەنگیان بۆ دروستنەکرابێت، تەنانەت ئەو پارتە چەندین جار قەدەغەکراوە و خراوەتە نێو لیستی ئەو پارتانەی کە یەکییەتی ئەوروپا بە تیرۆریستیان لە قەڵەم دەدات. لەم دواییانەدا بە هۆی درێژە کێشانی خەباتی چەکداری و هەندێک جار تەڕو وشک سووتاندن بەیەکەوە، پێگەی (ETA) تا دەهات کەمتر دەبووەوە لە نێو گەلی باسکدا، دیارە کاڵبوونەوەی سنوورەکانی نێوان ولاتانی یەکییەتی ئەوروپا بێکاریگەری نەبووە لەە بڕیارەی داویانە، بۆیە (ETA) ش، هەمان ڕێچکەی (IRA) ی باکووری ئیرلەندای گرتەبەر، وەک دەزانرێت ئەوانیش کۆتاییان بە خەباتی چەندین ساڵەی خۆیان هێنا و ئێستا باسکی سیاسی (IRA) ، (شین فەین) بە شیوەیەکی ئاشکرا و لە ڕێگای بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان بۆ ئامانجە سیاسیی و نەتەوەییەکانی خۆیان تێدەکۆشن.

پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) ، کە بۆ بیست ساڵ زیاتر دەبێت خەباتی چەکداری بە دژی دەوڵەتی تورکیا دەستپێکردووە، لە زۆر ڕووەوە بە تایبەتی کلێشەی ڕیکخراوەیی و حەرەکەتە سەربازی و سیاسییەکانی لە هەردوو ڕێکخراوی (ETA) و (IRA) ە دەچێت، بۆیە پێدەچیت لە ئایندەدا شێوە چارەسەرییەکی لەوەی گەلی باسک و ئیرلەندا ببێتە مۆدیلێکی چارەسەرکردن بۆ باکووری کوردستان. لە دوای ساڵی ١٩٩٠ وە لە باکووری کوردستان چەندین پارتی یاسایی دامەزراون و پاشان یەک بەدوای یەک قەدەغە کراون، دوا پارتی یاسایش کە ئێستا لە پراکتیکدا وەکو باڵی سیاسی (PKK) خەبات دەکات، پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیی (DTP) یە.

ئەگەرچی ئەو پارتانەی کە لە باکووری کوردستان درووستبوون هەمیشە ئەوەیان ڕەتکردۆتەوە کە پەیوەندییەکی ئۆرگانی لە نێوان ئەوان و (PKK) دا هەیە، بەلام هەم دوژمنیش و هەمیش دۆستانی کورد و گەلی کورد خۆیشی لە باکوور وەکو تاکتیک و هەڵوێستێکی دیبلۆماتیک سەیریان کردووە. وەک موسڵمانان دەڵێن:" بانگی محەمەد بە ئاشکرا خۆشە"، بۆیە لە نەورۆزی ئەمساڵدا ئەو بانگە بە ئاشکرا دراو گەلی کورد نایەوێت چیتر لە ژێر پەردەوە کار بکات، لە ئامەد و هەموو شارەکانی تری کوردستان بە شێوەیەکی

گشتی داوای ئازادی بەڕێز عەبدوڵا ئۆچالانیان کرد، بۆیە لە ڕاستیدا (PKK) و (DTP) گیانێکن لە دوو جەستەدا و ناتوانن نکۆڵی لێبکەن.
ئەوەی کە گرنگە ئایا ئەو دوو پارتە دەتوانن کەڵک لەو سەرهەڵدانە مەزنە گەلییەی باکوور وەربگرن؟ پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی هەرچەندە بانگاشەی ئەوە دەکات کە پارتێکی تورکیاییەوە و هی هەموو گەلانی تورکیایە، بەڵام لە نەورۆزی ئەمساڵدا گەلی کورد دەستنیشانی کرد کە نەخێر ئەو پارتە پارتێکی کوردییەو دەبێت کوردیش بێت، دەبێت ئەوان ڕەنگ و دەنگ و هەڵسوکەتیان هەمووی کوردی بێت، چوونکە کارێکی بەدەر لەوە خۆ هەڵخەڵەتاندن و کات کوشتنە و لە دواجاریشدا تورک سودمەند دەبن، دەبێت (DTP) زۆر بە ڕاشکاوانە بانگاشەی کوردبوونی خۆی بکات چوونکە ئەوە خەڵکی کوردە لە باکووری کوردستان و تورکیاش کە خاوەنداریێتی لەو پارتە و بەرپرسەکانی دەکەن نەک تورک. خەڵکی ديار‌بەکر، داوای ئازادی زمانی کوردی و ئازادی بۆ ئۆجەلانیان دەکرد لە نەورۆزدا، واتە پەیامێکی سیاسیان پێ بوو، خۆ نەهاتوون داوا لە (DTP) بکەن بێکاریان بۆ چارەسەر بکات.
دەوڵەتی تورکیا ئەگەر بیەوێت ببێتە ئەندامی یەکییەتی ئەوروپا ناتوانێت تا سەر درێژە بە کردەوە تیرۆرییەکانی خۆی بدات، هەروەها ئەوروپا و ئەمەریکاش چیتر ناتوانن چاو لە کێشەی کورد بپۆشن، ئەوەتا بەرپرسێکی گەرەی سەربازی ئەمریکا بە ئاشکرا بە تورکەکان دەڵێت ئێوە سی ساڵە نەتانتوانیوە (پ. ک. ک) لەناو بەرن، ئیتر داواکردن لە ئەمریکا بۆ لێدانی ئەو پارتە چ مانایەکی هەیە؟
دەوڵەتی تورک کە لەسەر بنەمای لەناوبردنی کورد و نەتەوەکانی تر دامەزراوە، چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێت وا بە ئاسانی هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەڵبێنێ، وڵاتانی وەکو بەریتانیا و ئیسپانیا و فەرەنسا کە لە زۆر ڕووەوە چەندین ساڵ لە پێش تورکیاوەن، ئەوە چەند ساڵێکە بۆ چارەسەری کێشەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتییانە هەوڵیانداوە، بۆیە تورکیاش جگە لە ملکەچکردن بۆ ئاشتی هیچ ڕێگایەکی تری لە پێشدا نییە و هەردەبێت لەگەڵ (PKK) بکەوێتە گفتووگۆوە، چوونکە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تر لە باکوور نییە، هەوڵدان بۆ شتێکی لەو بابەتەش تەنها "گرەو کردن لەسەر ئەسپی تۆپیوە و کات کوشتن و خۆهەڵخەڵەتاندنە" جا لە تورکیا بێت یان لەدەرەوەی تورکیا. دەیان ساڵ ئیسرایل ڕێخراوی فەتح و عەرەفاتی بە تیرۆریست لەقەڵەمدا، بەڵام دواجار هەر دانیشتن و دەستیان خستە ناو دەستی یەک و ئەوەتا ئێستا حەماس دەوڵەتی فەلەستین بەڕێوە دەبات، بە دڵنیاییەوە گەلی کورد لە باکوور بە ئازادی دەگەن و (پ. ک. ک) ش حکوومڕانی دەکات و ئەگەر دەرس و پەند لە رابردوو وەرنەگرێت ئەویش توشی هەمان قەیران دەبێت کە فەتح و پارتی و یەکیەتی ڕووبەڕووی بوونەتەوە. لێرەدا مەسەلە ئەوە نییە کە کێ لەگەڵ (پ. ک. ک) یە یانیش کێ دژییەتی (مەبەستم کوردە) ، ئیمرۆ ئەو پارتە چ لە نێو شارەکانی باکوور و تورکیا بێت یان لە شاخ، گۆڕەپانی سیاسی کوردیان لە ژێر دەستدایە، ئەوە ڕاستییەکە کە تەنانەت تورکیاش ناتوانێت نکۆڵیٰ لێبکات بۆیە دژایەتی ئەو پارتە لە بەرژەوەندی کورد و دۆزەکەیدا نییە، ئەگەر ڕۆژێک کوردیان بە ئازادی گەیاند و لاسایی ڕێکخراوە ڕزگاریخوازەکانی تریان کردەوە کە بوونە کەڵەگا بەسەر نەتەوەکەیانەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە گەل بە چەپڵە ئەوانیش ڕاودەنێت.
مەگەر، خواش، جیاوازی لە نێوان بەندەکانیدا تەنها بە "تەقواکەیان" ەوە نابەستێتەوە!